# ئەمە ئەو کەسەیە کە عەرش بۆ مردنی جوڵا، وەدەرگاکانی ئاسمانی بۆ کرایەوە، وحەفتا هەزار فریشتە ئامادەی جەنازەکەی بوون، یەک جار گوشرا، پاشان ڕزگاری بوو

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەمە ئەو کەسەیە کە عەرش بۆ مردنی جوڵا، وەدەرگاکانی ئاسمانی بۆ کرایەوە، وحەفتا هەزار فریشتە ئامادەی (جەنازەکەی) بوون، یەک جار گوشرا، پاشان ڕزگاری بوو».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەم فەرموودەیەدا وەسفی هاوەڵی بەڕێز سەعدی کوڕی موعازی کرد -ڕەزای خوای لێبێت- کە بەهۆی مردنی عەرش خوای میهرەبان جوڵا وهاتە لەرزین ئەمیش بەهۆی ئاسوودەیی بە هاتنی ڕۆحی بەرەو ئاسمان، وەدەرگاکانی ئاسمانی بۆ کرایەوە بۆ دابەزینی ڕەحمەت ودابەزینی فریشتەکان بۆئەوەی ڕۆحی دەربهێنن وهاتنی پرازێننەوە، چونکە ڕۆحی ئیمانداران لە بەهەشتدایە لە سەرووی ئاسمانی حەوتەم، ئامادەبوونی حەفتا هەزار فریشتە بۆ دەرهێنان وپێشوازیکردن لە ڕۆحی ئەم هاوەڵە بەڕێزە نیشانەی فەزڵ وڕێزلێگرتنی و بەمەزندانانێتی. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەگەڵ ڕوونکردنەوەی فەزڵی سەعدی کوڕی موعاز وئەو پەلە مەزنەی لای خوای گەورە؛ بەڵام هەر تووشینی گوشاندنی گۆڕ بوو وپاشان ڕزگاری بوو، چونکە ئەم گوشاندنەی گۆڕ هیچ کەسێک ڕزگاری لێی نابێت وئەگەر کەسێک ڕزگاری بووایە لێی ئەوا سەعد دەبوو هەروەکو پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10559

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee